# چەند دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی لە گۆڤەری کۆیەدا

**شیروان حسین حمد [1] تاڤگە عمر حمەصالح[2]**

[1] بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق

---

**پوختە**

زمان برِبڕەی پشتی کۆمەڵگایە بۆ لە یەکترگەیشتن و ڕاپەڕاندنی کارەکانی ڕۆژانە، هەر کۆمەڵگایەك زمان و زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە. زمانی هەر میللەتێك بەسەر چەند شێوەزارێکدا دابەش دەبێت، بەتایبەتی زمانی کوردی، کە یەکێکە لەو زمانانەی بۆ چەند دیالێکت و شێوەزارێك دابەش بووە، هەریەکێك لەو دیالێکت و شێوەزارانە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و جیاوازن لەگەڵ دیالێکت و شێوەزارەکانی تر. ۆنۆلۆژیش وەک لقە زانستێکی زمانناسی، کاری دیاریکردن و دانەپاڵیەکی فۆنیمەکانی زمانە، بەوەی، کە هەریەک لە دەنگەکان چۆن دەچنە ڕیزی فۆنیمەکانی زمان و سیستەمی پێکەوە هاتنیان و کارلێک و کاریگەرییان لەسەر یەکتری، لێکدەداتەوە .
کۆیەو (دەوروبەری)، لە نێو نەخشەی زمانی کوردیدا، دەکەوێتە نێو دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و لەنێو ئەو دیالێکتەشدا، بەشێکە لە شێوەزاری سۆرانی. کە کەوتۆتە نێوان کۆمەڵێک گۆڤەر، لەوانە گۆڤەری خۆشناوەتی و گەرمیانی و هەولێری و بابانی و بۆیە زۆرجار بە ناوچەی تێکەڵبوونی چەند شێوە زمانێک دادەنرێت. هەر ئەمەش وای کردوە کە چەند دیاردەو تایبەتمەندییەکی خۆی تێدا دەربکەوێت.

**کلیلە وشە:** کۆیە، گۆڤەر، فۆنۆلۆژی، زمان، زاراوە

## Abstract:

Phonology, as one of the branches of linguistics, studies phonemes in a language as how sounds are clustered to form language phonemes. The system of sequencing these phonemes, their influence on the neighboring sounds, is dealt with in this study. Koya and its suburbs, in Kurdish Language Sketch, are located within the central Kurmanji dialect which is Sorani. Koya Variety is surrounded by Khoshnawati, Garmiani, Hawleri and Sulaimani. For these reasons, it is the mixture of these varieties that provides Koya with some specific phonological phenomena.
This research which is entitled 'Some Phonological Phenomena of Koya Variety' is a descriptive and empirical study which tries to investigate some phonological phenomena through the speakers of this variety in two parts. The First part under the heading of theory and principle, deals with the phonological aspect and phonological phenomena. It also sheds light on defining the areas where Koya Variety is spoken on Kurdish Language map. The second part is devoted to the practical aspect through analysis and explanation. Some phenomena as sound change, elision and assimilation, etc., are dealt with through examples of this Variety. They are compared to standard Kurdish to show points of similarities and differences. Finally, the most important results and points are presented.

**Keywords:** Koya, Variety, Phonology, linguistics, Phenomena

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen269

## 1. پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (چەند دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی لە گۆڤەری کۆیەدا) لەژێر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفی بەراوردی هەوڵدەدات چەند دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی بە کەرەستەی قسەپێکەرانی شاری کۆیە و دەوروبەری شیی بکاتەوە. گرینگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە بەراوردی گۆڤەرێکی زمانی کوردی لەگەڵ زمانی ستانداری هەمان زمان دەکات. کە تێیدا پشت بە نمونەی قسەکردن بەستراوە. ئامانجی سەرەکیش لەئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوە دەرخستنی چەند لایەنێکی جیاواز و وێکچووە لە نێوان ئەم دوو شێوە ئاخاوتنە و ئاشناکردنی خوێنەرە بەم بەراوردە. بۆ کەرەستەی توێژینەوەکەمان، زیاتر پشتمان بە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵك بەستووە وەك لەسەرچاوە و نمونەی نوسراو. ئەمەش زیاتر هۆکارێکە بۆ دەرخستی جیاوازی و هاوبەشی نێوان ئەم گۆڤەر و زمانی ستاندارد. لێکۆڵینەوەکە بۆ دوو بەش دابەشکراوە. بەشی یەکەم بەناوی (تیۆر و بنەما) تێیدا باسی زمان و جۆراوجۆریی زمان و دیالێکت و دیالێکتەکانی زمانی کوردی شوێنی گۆڤەری کۆیە، لەگەڵ دیاریکردنی ناوچەکانی کوردستان بەپێی دیالێکتەکان، کراوە.
بەشی دووەم بۆ لێکداوەی پڕاکتیکی تەرخانکراوە، بەناونیشانی (شیکردنەوە و لێکدانەوە)، کە تێیدا فۆنیمەکانی گۆڤەری کۆیە بە بەراورد بە زمانی کوردی باسکراوە، لەگەڵ چەند دیاردەیەکی وەکو (گۆڕانی دەنگ، جێگۆڕکێی دەنگ، وێکچوونی دەنگ و تێچوونی دەنگ و پەیدابوونی دەنگ) کە بە نمونە و کەرەستەی ئەم گۆڤەرە شیکراونەتەوە و لەگەڵ زمانی کوردیی ستاندارد بەراورد کراون، هەردوو لایەنی جیاواز و هاوبەشیان پیشاندراوە، لە کۆتایشدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## 2. بەشی یەکەم: تیۆرو بنەما

### 2.1 زمان

ئاشکرایە کە زمان دەورێکی یەکجار باڵا لە ژیانی مرۆڤدا دەبینێ، بۆ هەرلایەك دەچیت بەهەرلایەکدا دەڕوانین دەبینین زمان لەبەردەست و دەمایە بۆتە بەشێکی وا لەمرۆڤ، کە هەرگیز لێی جیانابێتەوە، زمان چۆتە بیرەوە لەگەڵ خەوی مرۆڤدا تێکەڵ بووە و تەنانەت پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکی تر و دەوروبەریدا دیاری دەکات. بێ بوونی زمان کۆمەڵی مرۆڤ نایەتە کایەوە، چونکە بێ زمان بەکارهێنان هاریکاری و هەروەزی، کە بەردی بناغەی کۆمەڵە پێك نایەت، دیسان بێ بوونی زمان شارستانیەت بەردەوام نابێت، چونکە زمان تاکە ڕێگەیە بۆ پاراستن و گەیاندنی کەلتوور و زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی تر.(محەمەد مەعروف فەتاح ، 2011 : 9) ئەم هۆکارە لەبەرئەوەی پەیوەندی بە زانستی جۆراوجۆرەوە هەیە، بۆیە دەبینین چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوەو لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە پەسنی کراوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگ بێت تێڕوانینی زمانەوانە کۆمەڵاتیەکان بۆ زمان، چونکە کاتێک توێژینەوە لەبارەی دیالێکت و زمانی چینەکانی کۆمەڵ دەکەین، چوارچێوەی توێژینەوەکە دەبێتە زمانەوانی کۆمەڵایەتی کە دەڵێن: (زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیاجیایە، کە هەریەکەیان بۆبارێکی تایبەتی دەست دەدات.) (هەمان سەرچاوە:11) بەو پێیەی هەر دیالێکت و گۆڤەرێکیش شێوازێکی جیاوازی قسەکردنن و باری تایبەتن کە خاوەنی تایبەتمەندی دەنگی و ڕێزمانی و واتاین. بۆیە ئێمە ئەم بنەمایە دەکەینە پێوەر بۆ توێژینەوەکەمان و تەنیا تایبەتمەندی دەنگیش دەکەینە کەرەستەی توێژینەوەمان.
سەرەڕای هەموو ئەو جیاوازیانەی، کە لە نێوان زمانەکاندا هەیە، هاوبەشی گرنگ ئەوەیە کە هەموویان بۆ یەک مەبەست بەکاردێن، کە زمان ((ئامرازی پەیوەندی و لەیەکترگەیشتنی ئادەمیزادە.)) بڕبڕەی پشتی نەتەوەیشە، بۆ لەیەکتر گەیشتن و ڕاپەڕاندنی کارەکانی ڕۆژانە هۆکاری هەرە کاریگەر و سەرەکییە، هەر کۆمەڵگایەکیش بەپێی چینە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەگەز و تەمەن و پیشە جیاوازەکان، دیالێکتی تایبەت بە خۆیان هەیە.
جیاوازییە زمانییەکان تا ئەو شوێنە کارێکی ئاساییە، کە نەبێتە هۆی لێک تێنەگەیشتن. (جیاوازی زمان لەگەڵ دیالێکت لە ڕوانگەی تیۆرییەوە زۆر سادەیە، دیالێکت پێکدێت لە شێوازە ناوچەییەکانی یەک زمان، کە بە بوونی خاسیەتی تایبەتی خۆیان لەیەکتری جیادەبنەوە، ئەم تایبەتمەندییە ڕێگری لە پەیوەندی زمانی قسەکەرانی دیالێکتە جیاوازەکانی یەک زمان نییە.) (مشیل مالرب١٣٨٦: ٩) بەم پێیەش سنوری جیاوازی لە هەر زمانێکدا پلەی تێگەیشتنە. واتە هەر کاتێک کە قسەکەران سەرباری بوونی جیاوازییەکانیش لەیەکتری تێبگەن هێشتا بە یەک زمان هەژمار دەکرێت.

### 2.2 جۆراوجۆری زمان:

مەبەست لە جۆراوجۆری زمان بریتییە لەو جیاوازیانەی لە نێوان قسەپێکەرانی هەر زمانێکدا هەن، ئەگەر بەم چاوە تەماشای هەر زمانێك بکەین، ئەم جۆراوجۆرییەی زۆر بەڕوونی تێدا دەبینرێت، چونکە (هیچ زمانێکی مرۆڤ جێگیر و بەبێ گۆڕانکاری و هاوسەنگ نییە، هەموو زمانێك لەناو خۆیاندا گۆڕان پیشان دەدەن، لە بەکارهێنانی زمان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر، لە قسەکەرێکەوە بۆ قسەکەرێکی تر، لە درکاندن و هەڵبژاردنی وشەدا جیاوازی هەیە.) (ادریان اکمجیانو دیگران: 1382: 272) بەم پێیە زمانەکان بەردەوام لە گۆڕان دان، شێوەکانی زیاتر لێك دوور دەکەونەوە. لەگەڵ هەر جیاوازییەکی زمانی جۆرێکی تری زمان زیاد دەبێت و فرەچەشنی زیاتر دەبێت. بەم پێیە یەکێك لە دیارترینی تایبەتمەندییەکانی باری زمان ئەمرۆ لەسەرانسەری دونیادا بوونی فرەچەشنییە. ئەمڕۆ هەزاران زمانی جیاواز هەن، کە هەریەکەیان شێوەی تایبەتی دەنگو وشە و ڕێزمان و ڕستەیان هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەم هەمەچەشنەیی‌و جیاوازییانە لێکچوونی زۆریش هەن، کە زمانەوانان دەتوانن بیکەنە ڕێگەیەك بۆ پۆلێنی زمانەکان لە گروپ خێزانی جیاجیادا. (ویلیام اوگردیو دیگران: 1386: 386) بۆ ئەم جۆراوجۆریە دەکرێت لەبواری جیاوازی زمانەوانیدا قسەی لەسەر بکرێت، بەپێی بواری تایبەت لێکدانەوەی بۆ بکرێت. بەگوێرەی جیاوازی دەنگسازی کە لە هەموو ئاستەکانی دیکەدا زیاتر هەستی پێدەکرێت، هەروەها ئاستی مۆرفۆلۆژیو سینتاکسو واتاشدا ئەم جیاوازییە هەیە.



Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen269

هەرچەندە ئەم پێکچوونەی نێوان دیالێکتەکانو شێوە جیاجیاکانی زمان دەکرێتە هۆکارێك بۆ پۆلێنکردنی زمانەکان، بەڵام هەندێ جاریش جیاوازییەکان ئەوەندە بچووك دەکرێنەوە، کە دەگاتە ڕادەیەك هەموو تاکێك دیالێکتی تایبەتی خۆی هەبێت و ناوی نراوە دیالێکتی تاکەکەسی(گویش فردی- idiolect) بەوە پێناسە دەکرێت، کە (بە شێوەی تاکەکەسی هەر قسەکەرێك دەوترێت لە زمانێکی دیاریکراودا. لەم جۆرە دیالێکتەدا تایبەتمەندی شێوەکانو دیالێکتە نێوخۆییەکانو کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵاو بە ئاخاوتنی هەر تاکێك دەبێت. هۆکاری تری وەك چۆنیەتی دەربڕینی دەنگەکان و بەکارهێنانی زمانی جەستەیيو بەشێك لە دیالێکتی تاك. بەڵام زۆربەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشانکەری بنەڕەتین دیالێکتی هەر تاکێکن.) (جورج یول: 1388: 284) لەم جۆرە دیالێکتەدا دیاریکردنی جیاوازییەکان دەگەنە ئەوپەڕی، بەجۆرێك لایەنی دەرونی و تایبەتی قسەکەری دێتە ناوەو ئەمەش لەو بیروباوەڕەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەوترێت (جۆراوجۆری زمان تەنیا پەیوەست نییە بە دیالێکتەوە، بەڵکو دوو قسەکەری زمانێك، هەتا ئەگەر سەر بەیەك دیالێکتی تایبەتیش بن، بەتەواوی وەکو یەك زمان بەکارناهێنن، بۆیە دەکرێت تاکەکان بەهۆی قسەکردنو شێوەی زمانەکەیانەوە بیانناسینەوە. لەڕاستیدا زمانی هەرتاکێك لە سەرەکیترینی تایبەتییەکانی شوناسی تاکە کەسییەتی.) (ادریان اکمجیانو دیگران1382: 274) دیالێکتی تاکەکەسی لە چوارچێوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتی باسی لێوەدەکرێت، بەڵام لێرەدا جۆراوجۆری زمان دەگاتە ئەوپەڕی.

لە جۆراوجۆری زماندا دیاردە کۆمەڵاتییەکان ڕۆڵیان هەیە، لە دروستکردنی گروپی بچووکی زمانیدا، چونکە بەشێك لەم گروپە زمانییانە لەسەر بنەمای چینە کۆمەڵاتییەکان پۆلێن دەکرێن، هەر لەبەر ئەمەشە، کە دەوترێت (زمان هەویەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دیاری دەکات، هەر بەهۆی قسەوە دەتوانین بڕیاربدەین قسەکەر خەڵکی کوێیە، لە چ بارێکی دەرونی دا دەژی، هەستی بەرامبەر بابەتی قسەکەرو گوێگرو دەوروبەری چییەو سەر بە چی چینێکەو ڕادەی خوێندەواری چەندە.) (محەمەد مەعروف فەتاح: 2010: 137) ئەمەش جۆرەکانی زمان دیاریدەکات.

هۆکارێکی دیکە بۆ لێکدانەوەی جۆراوجۆری زمان، بوونی دیاردە سروشتییەکانە، کە ڕاستەوخۆ جیاوازی زمانی دروست دەکات. بۆیە هەندێك لەشارەزایانو زمانەوانان بەپێی سنوری جوگرافی دیالێکتەکان لێك جیادەکەنەوە. بەتایبەتی لەزمانی کوردیدا ئەم جۆرە پۆلێنە زۆر بەرچاودەکەوێت. ئەمەش بۆ زاڵبوونی ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە، لە دروستبوونی دیالێکتەکانی.

بەشێوەکی گشتی دوو ڕێگا بۆ پۆلینکردنی زمانەکان هەن، یەکێکیان لەسەر بنەمای تایبەتمەندیي پێکهاتەیي زمانەکان دەبێت، لێرەدا ئەو زمانانەی کە هاوبەشی ڕێزمانیو دەنگییان هەیە، لە یەك پۆل دادەنرێن. ڕێگەی دووەمیان، لەسەر بنەمای پەیوەندی خزمایەتی نێوان زمانەکان، گروپەکان جیادەکاتەوە. ئەو زمانانەی کە لەڕووی مێژووییەوە لە زمانێکی تایبەت داکەوتوون لە یەك پۆل دادەنرێنو خزمایەتییەکە پەیدادەبێت. (ویلیام اوگردیو دیگران: 1386: 386) لە زانستی زماندا ئەو پۆلێنەی لایەنی زمانەوانی و ڕێزمانی لەبەرچاو بگرێت بە زانستیانە تر دادەنرێت.

جۆراوجۆری زمان هەندێ جار پەپێی ڕەگەز و تەمەنی قسەکەر جیادەکرێتەوە، چونکە هەریەك لە ڕەگەزەکان جۆرێکی تایبەتی فەرهەنگی زمانی خۆیان هەیە. سوود لە شێوازێکی تایبەتی وەردەگرن، بۆ دەربڕینی بیروڕاکانیان. بەهەمان شێوە تەمەنیش کاریگەری لەسەر فەرهەنگی ئاخێوەر هەیە. بەتایبەتی گەشەسەندنو پووکانەوەی وشە لە زماندا، کە هەندێ وشە هەن لای پیرەکان نییەو بەپێچەوانەشەوە.

لەبارەی جۆراوجۆری زمان، هەر لێکدانەوەیەك بکەین، دەبێت بۆ ئەوە بگەڕێنەوە، کە ئەم سروشتێکی خوداییەو لە لایەن یەزدانی مەزنەوە بڕیاری لەسەر دراوە، وەك دەفەرموێت: (و من ءايته خلق السموت والأرض واختلاف ألسينتكم وألوانكم ان فى ذلك لايت لقوم يتفكرون) (الروم:22). واتە: (یەکێکی تر لە بەڵگەو نیشانەکانی دروستکردنی ئاسمانەکانو زەوییە و جیاوازی زمانو ڕەنگتانە، بەڕاستی ئا لەو دیاردەیەشدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەن بۆ زانایانو شارەزایان) بۆیە بوونی دیالێکت و شێوازی جیاجیا لە هەر زمانێکدا شتێکی نکوڵی لێنەکراو و ئاساییە، بۆیە بەشێک لە کاری زمانەوانەکانیش لێکۆڵینەوەیە لەم جیاوازی و هەمەچەشنییە، هەر لەم پێناوەشدا لقێکی زمانناسی هەیە، بەناوی (دیالێکتۆلۆژی).

## 2.3 دیالێکت (زار)

چەمك و زاراوەی دیالێکت، تێڕوانین و بۆچوونی جیاوازی لەبارەوە دەربڕدراوە. لەزمانی کوردیدا جگە لەزاراوەی دیالێکت ، هەریەک لە زاراوەکانی (زار، لەهجە، شێوە) بەکاردێت، لە زمانی فارسیشدا زاراوەی (گویش، لهجه) و لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (االهجة) و لە زمانی ئینگلیزیشدا (dialect) زاراوەی دیالێکتیش لەبنچینەدا زاراوەیەکی لاتینییە، مەبەست لە دیالێکتیش بەوجیاوازیانە دەوترێت، کە لەنێوان جۆرەکانی یەك زمان دا هەیە، وەك جیاوازی ڕێزمان و لایەنی پێکهاتەی وشە و چۆنیەتی دەربڕین.

نوسەران و زمانناسان لەبارەی پێناسەی دیالێکتەوە هەریەکەیان بەپێی ڕوانگە و بۆچوونی تایبەتی خۆیان و ئەو قوتابخانە زمانەوانیانەی پێیانەوە کاریگەربوون پێناسەیان بۆ کردوون، بەواتایەکی تر لەکۆمەڵێك ڕوانگە و بۆچوونی جۆراوجۆرەوە لەدیالێکت کۆڵراوەتەوە و پێناسەی بۆکراوە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو .

کامیل حەسەن بەسیر بەم شێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە: ((شێوەی لێدوان و قسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێکە لەنەتەوەیەکدا ئەم شێوە لێدوان و قسەکردنەش هەرچەندە ، چەند تایبەتیەکی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی خۆی هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا بەشێکە لەزمانی نەتەوەیي ئەو خەڵکە و پەیدابوونی دیاردەیەکی سروشتییە)). (نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو ، 2014 : 49 )

یوسف شەریف سەعید، بەمشێوەیە پێناسەی دیالێکتی کردووە:((دیالێکت شێوەیەکە لەشێوەکانی زمانی ناوچە یان کۆمەڵایەتی یان کاتی ، کە پێکهێن و وانەکانی ڕۆنان و ڕێزمانی تایبەتی هەیە)).(یوسف شەریف سەعید٢٠١١: ٥٢)

بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمە ئەمین بەم شێوەیە پێناسەی دیالێکتیان کردووە: (( دیالێکت بوارێکی تەسکتر و پانتایەکی سنوورداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە، کە بە زمانە گشتیەکە قسەدەکەن)) (بەکر عومەر عەلی و شیرکۆحەمەئەمین٢٠٠٧: ١٢)

## 2.4 دیالێکتەکانی زمانی کوردی و شوێنی گۆڤەری کۆیە

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، زمانی هەر میللەتێك بەسەر چەند دیالێکت و شێوەزارێکدا دابەش دەبێت، زمانی کوردیش وەك و هەموو زمانەکانی تری جیهان هەندێ تایبەتمەندی خۆی هەیە و دابەشی چەند شێوەزار و دیالێکتێك بووە. بەهۆکاری جوگرافی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و...هتد، هەریەك لەم شێوەزارانە تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازن لەگەڵ دیالێکت و شێوەزارەکانی تر. لە نێو زمانناسە کوردەکان و کوردناسە بیانییەکانیش تێڕوانینی جیاواز و پۆلێنی جیاجیا

بۆ دیالێکت و شـــێوەزارەکانی زمانی کوردی کراوە، لێرەدا هەندێک لەو پۆلێنانە دەخەینەڕوو:

تاهیر صادق بەمشێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەش کردووە :

**أ.** کرمانجی

- کرمانجی خواروو
- کرمانجی ژوورو

**ب.** زازا

**ت.** لوڕی (عبدولواحید موشیر دزەیی: ٢٠١١: ٢٣)

به پێی ئەم پۆلێنە بێت، گۆڤەری کۆیە دەکەوێتە ناو زاری کرمانجی خواروو. کە ئەمەش لای ئەو زمانەوانانەیە کە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاســـت دیاری ناکەن. شـەرەفخانی بەدلیسی ـ لەکتێبی (شـەرەفنامە) دا بەم شـێوەیەی خوارەوە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەشکردووە :

**1-** کرمانج
**2-** لوڕ
**3-** کەلهوڕ
**4-** گۆران(شەرەفخانی بەدلیسی ٢٠١٠: ٢١)

بەپێی ئەم پۆلێنەی شـــەرەفخانی بەدلیسی ــ بێت، گۆڤەری کۆیە، ســـەربە دیالێکتی کرمانجییە، کە دیارە لە دیدی نوســـەرەوە هەردوو دیالێکتی کرمانجی ژوور و خوارو یان ناوەڕاست بە یەک شێوە زمان دانراون.

تۆفیق وەهبیش وەک زمانەوان نوســـەرێکی کورد، زمانی کوردی بەم شـــێوەیە بۆ دیالێکتەکانی دابەش کردووە :

**1-** کرمانجی :

**أ.** کرمانجی ژوورو : ( بۆتانی ، ئاشیتایی ، هەکاری ، بادینانی ، بایەزیدی)

**ب.** کرمانجی خواروو : (موکری ، مەهابادی ، ســـۆرانی ، ســـولەیمانی ، سنەیی) .

**2-** لووڕی : (بەختیاری ، لەکی ، فەیلی ، کەلهوڕی ، مامەسەنی ) .
**3-** گۆران : (باجەلانی ، کاکەیی ، زەنگەنە ، هەورامی) .
**4-** زازا. (تارا عەبدوڵا سەعید: ١٩٩٨: ٨)

ئەم پۆلێنە وردترە بۆ دیالێکت و شێوەزارەکانی بۆیە باشتر دەتوانین شوێنی گۆڤەرەکە دیاریبکەین، بەوەی، کە دەکەوێتە دیالێکتی کرمانجی و بەشی خواروو و شـــێوەزاری سۆرانی.

دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەگوێرەی بیروڕای (فوئاد حمە خورشـید) کە ڕوانگەیەکی جوگرافییە بۆ چۆنیەتی دابەشکردنەکە، بەم شێوەیەیە:

**1-** کرمانجی باکوور : (بایەزیدی ، هەکاری ، بۆتانی ، شەمزینانی ، بەهدینانی ، دیالێکتی ڕۆژئاوا) .

**2-** کرمانجی ناوەڕاست : (موکری ، سۆرانی ، ئەردەڵانی ، سلێمانی ، گەرمیانی) .

**3-** کرمانجی باشـوور : ( لوڕی ڕەسـەن ، بەختیاری ، مامەسـەنی ، کۆهگلۆ ، لەك ، کەلهوڕ) .

**4-** گۆران : ( گۆرانی ڕەســـەن ، هەورامی ، باجەلانی ، زازا) . ( فوئـاد حەمەخورشید ،٢٠٠٨: ٣٨)

بە گوێرەی ئەم دابەشـــکردنەیش گۆڤەری کۆیە دەکەوێتە ناو کرمانجی ناوەڕاســـت و لەوێش دەکەوێتە شـێوەزاری سـۆرانی. لەم توێژینەوەیەدا ئەم پۆلێنە دەکرێتە بنەما بۆ دیاریکردنی شوێنی گۆڤەرەکە و پەیوەندی بە شێوەزارو گۆڤەرەکانی تری دیالێکتەکە.

## 2.5 دیاریکردنی ناوچەکانی کوردستان بەپێی دیالێکتەکان

### 1. دیالێکتی کرمانجی ژوورو:

ئەم دیالێکتە لەهەموو دیالێکتە کوردییەکانی تر فراوانترو زۆرترە، چونکە کوردەکانی باکوری کوردســـتان (پارێزگاکانی بایەزید، وان، جولەمێرگ، ســـێحرت، مووش، ماردین، دیاربەکر، خەرپوت، ئەدیابان و غازیان تەپە و بەشەکانی خۆرهەڵاتی پارێزگای مەرعەش و سـیواس و بەشـەکانی باشـووری پارێزگای ئەرزەرۆم و قارس) هەموویان بەم دیالێکتە دەئـاخەڤن، بێ لەوەش کوردەکانی باشـــووری خۆرئـاوای ئەرمەنسـتانی شـورەوی و باکوری سوریا و دانیشـتووانی پارێزگای دهۆك و قەزاکانی زێبار و ئامێدی و ســـنجار و ئاکرێی باشـــووری کوردســـتانیش هەر بەو دیالێکتە دەدوێن، بگرە شـــــاری خوی و شــــاهپوور و قوتوریش دەگرێتەوە. (فوئـاد حەمەخورشید ، ٢٠٠٨ : 51) واتە بەشێک لە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەر بەو دیالێکتە دەدوێن. بۆیە لە ڕووی جوگرافی و ژمـارەی قســـەپێکەرانی بە گەورەترین دیالێکت دادەنرێت.

### 2. دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست:

ئەم دیالێکتە لە ڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە بەشی باشـوری کوردسـتان و بەشـێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان، شـــێوەی ســـتانداری وەرگرتووە، بەتایبەتی لە باشـــور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. پێنج شێوەزاری تری لێ بووەتەوە، کە ئەمانەن :

**1. موکری:** مەڵبەندەکانی (شـنۆ، نەغەدە، مەراغە، میاندواو، شـاهێن دژ، سـەقز، بۆکان، بانە، سەردەشت، مەهاباد ناوجەرگەکەیەتی).

**2. ســـۆرانی:** قەزای زێباری لێدەرچێت، هەموو پارێزگای هەولێری گرتۆتەوە ناوجەرگەکەشی شاری هەولێرە .

**3. ئەردەڵانی:** مەڵبەندەکانی (ســـنە، بیجار، کەنگەوەر، ڕەوانســـەر و باکووری ناوچەکانی جوانڕۆیە و لەشاری سنەدا جەمسەری گرتووە) .

**4. سـلێمانی یان (بابانی) :** سـلێمانی ناوجەرگەکەیەتی، هەموو پارێزگاکە و هەندێ ناوچەی قەزای خانەقینیشی گرتووەتەوە .

**5. گەرمیانی :** جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ســـلێمانی دا نییە ، لەگەڵ ئەوەشـــدا دیالێکتێکە و لە باشـووری کوردسـتان دا هەموو ناوچەکانی کفری و قەرەتەپە و کەرکوك و طوز – شوانی، گرتووەتەوە .( فوئاد حەمەخورشید ، 1985 : 55)

لەبەرئەوەی قەزای کۆیە، وەک لایەنی کارگێڕی دەکەوێتە پـارێزگـای هەولێر و هەولێریش هەمووی (جگە لە مێرگەسۆر) بە شێوەزاری سۆرانی هەژمارکراوە، کەواتە گۆڤەری کۆیە سەر بە شێوەزاری سۆرانییە، لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست.

### 3. دیالێکتی کرمانجی خواروو:

ئەم دیالێکتە چەند شێوەزارێك دەگرێتەوە :

**1)** لەکی: ئەم شـــێوەزارە کوردەکانی (پێش کۆ)ی لوڕســـتانی پێی دەدوێن، تیرەکانی بریتین لە (خواجەوەند، عەبدولمالکی، ناداوەند، شۆجا، کاناوەند، دەلفان ، سەلسەلە ، پیران وەند).

**2)** بەختیاری: بەختیاری دووبەشـن (هەفت لنگ )، واتا (حەوت هۆز)، کە لە ناوچەکانی ئـاوەلێژی ڕووباری گـارۆنـدا دەژین. (چوارلنگ)، واتا (چوار هۆز)، لە ناوچەی نێوان ڕووباری گارۆن و ڕووباری زالکیدا نیشتەجێن .

**3)** مامەســـەنی: ناوی ئەم شـــێوەزارە لە (محەمەد حەســـەنی) باپیرە گەورەی مامەسـەنیانەوە وەرگیراوە، کە بریتین لە (بەکشـی ، جاوی ، ڕۆسـتەمی ، خان عەلی خان ، ئیمام قولی خان ) دەگرێتەوە .

**4)** کۆهگلۆ: ئەم لقە لەباشـــووری ناوچەکانی بەختیارییەوە و لەدەوروبەری کێوی دنیا و چاوگەکانی ڕووباری چەراهییەوە دەست پێ دەکات تا رامهوموز و بەهبەهان و کزەیرون ، ئەمەش دووکۆمەڵەیە :

**أ-** کۆمەڵەی پشتی کۆ

**ب-** کۆمەڵەی ژێرکۆ (ســـەلام ناوخۆش ونەریمان عەبدوڵڵا خۆشـــناو ،2010 : 180)

### 4. دیالێکتی گۆران :

ئەم دیالێکتە لە باکووری ڕێگەی نێوان قەسری شیرین -کرمانشان دەست پێ دەکات، بەرەو شـــاخەکانی هەورامان ، هەروەها لەســـەرچاوەکانی ســـیروانەوە بەرەوخۆرهەڵات دایپۆشیوە تا کرمانشان. ئەم دیالێکتە پێکدێت لە :-

1-**گۆرانی ڕەسەن:** دانیشتوانی ناوچەکانی (کرێد، زەهاو، جوانڕۆ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسەی پێ دەکەن، هەروەها لە باشوری کوردستان، هەندێك کاکەیی داقوق و تیرەی زەنگەنەیی نزیك کفری و قادرکەرەم و ســـیامەنســـووری سەربەناوچەی لەیلان قسەی پێ دەکەن.

2-**هەورامان :** دانیشـــتوانی شـــاخەکانی هەورامان و پاوە و پڵنگان دەگرێتەوە، هەورامیش دووبەشـــن، بەشی لهۆنیان لەخۆرئاوای ڕیزە شـــاخەکانی هەورامان، واتە دەکەوێتە باشـــوری کوردســـتان، بەشی دووەمیان هەورامانی (تەخت)،کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاخەکانی هەورامان، واتە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

3-**باجەلانی:** ئەم شـــێوەزارە پەرش و بڵاون، هەندێکیان لەباکووری خۆرهەڵاتی شاری موسڵ نیشتەجێن، کەپێیان دەوترێت شەبەك، بەشێکیشیان لەزەها و لە باکووری لوردستان و نزیك خانەقین و قۆرەتوو هۆرین و شێخان .

4-**زازا:** ئەم لقە دیالێکتە ناوچەکەی دەکەوێتە کوردســـتانی باکوور، کە کەوتۆتە ناوچەی نێوان ئەرزەرۆم – موش – خەرپووت و ئەرزنجان دەگرێتەوە ، کەواتە ئەمانە دەکەونە ناوچەی دەرسیمیەوە. (سەلام ناوخۆش ونەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو ،2010 : 181)

## 3. بەشی دووەم: شیکردنەوە و لێکدانەوە

## 3.1 فۆنیمەکانی گۆڤەری کۆیە و زمانی ستاندەر

لە ڕووی ژمارەی فۆنیم جیاوازی لەنێوان شـێوەزاری کۆیە و زمانی سـتاندەردا نییە کە بریتین لە **( ا ، ب ، پ ، ت ، ج ، چ ، ح ، خ ، د ، ر ، ڕ ، ز ، ژ ، س ، ش ، ع ، غ ، ف ، ق ، ڤ ، ك ، گ ، ل ، ڵ ، م ، ن ، ھ ، ە ، و ، وو ، ۆ ، ی ، ێ ، بزرۆکە، (ی)(y) (و)(w).)**

لەبەرئەوەی زۆربەی دەنگەکانی زمانەکان وەکویەکن و هـاوبەشـــن لەنێوان زمانەکانی جیهـان، بەڵام جیـاوازیان لەهەنـدێ دەنگـدا هەیە و ئەودەنگە جیـاوازانە تایبەتن بەزمانێك، بەهۆی ئەم جیاوازیەشـەوە ژمارەی فۆنیمەکان لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازە. تەنانەت هەندێ جار لەنێو شـــێوە زارەکانیشـــدا ئەم جیاوازییە فۆنیمە بەدی دەکرێ.

فۆنیمەکانی شـــێوەزاری کۆیە بریتین لە: (36) فۆنیم . جگە لەم کۆمەڵە فۆنیمە دوو فۆنی دیکەش هەن، کە هیچ هێزایەکیان نییە، بەڵکو تەنیا لەکاتی گفتوگۆکردن بەدیاردەکەون. کە بەهۆی کاریگەری دوو دەنگی بزوێنی (ی، ێ) دروســـت دەبن و دەکەونە دوای هەردوو دەنگی (ك،گ) بۆنموونە لەوشەکانی (کێڵان ، کێ ، گیان، کێخوا، گوێ ......) یان فۆنی (ص) دروســـــت دەبێت بەهۆی کاریگەری فۆنیمی دوای خۆی . وەکو وشەکانی (سەگ ، ساڵ ، سەوز ......) .

زمانی ستاندەریش، کە زمانێکی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکە و شێوەزاری کۆیەش زمانی ئاخاوتنی دانیشـــتوانی ناوچەیەکی ترە ،بەڵام هیچ جیاوازییەك لە ژمارەی فۆنیمەکان بەدی ناکرێ، تەنها لە فۆنیمی (ڵا) نەبێ کە لەشـــێوەزاری کۆیە زۆرکەم بەکاردێت ئەویش تەنها لەوناوانە نەبێ کە وشـــەی (الله) یان تێدایە کە ناتوانین بیگۆڕین بەفۆنیمی (ر) بۆیە فۆنیمی (ڵا) تەنها لە وشـــەی (الله) بەکاردێنن . بۆیە دەتوانین بڵێین ژمارەی فۆنیمەکانی شـێوەزاری کۆیە (36) فۆنیمە . بەم جۆرەش ژمارەی فۆنیمەکانی شـێوەزاری کۆیە لەگەڵ فۆنیمەکانی زمانی ســـــتاندەر وەك یەکن لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی. ئەوەی کە جیاوازە تەنها ڕێژەی بەکارهێنانی فۆنیمەکانە، یان جیاوازییەکان تەنها لە ئاستی ئەلۆفۆنەکاندایە، لە ئاستی فۆنیمەکاندا نییە. تایبەتمەندییەکانی زمانی ستاندەر وای کردووە لەگەڵ شـێوەزارەکانی تر جیابێت، ئەگەرچی هەردوو زمانی کۆیە و سـتاندەر فۆنیمەکانیان لە ڕێگەی جووتتۆکەوە دیاری دەکرێن، و فۆنیمەکانی زمان لەڕێگەی ئەم جووتتۆکانە دەست نیشان دەکرێن :

جووتۆکە لە زمانی ستاندەر: (عاتف عبدالله فەرهادی ، 2004 : 88)

| جووتۆکە | فۆنیم |
|---|---|
| پەڕ : بەڕ | پ : ب |
| تار : دار | ت : د |
| چار : جار | چ : ج |
| کل : کر | ل : ر |
| زار : سار | ز : س |
| کەر : کەڕ | ر : ڕ |
| سەر : سۆر | ە : ۆ |
| کۆر : گۆڕ | ك : گ |

جووتۆکە لەشێوەزاری کۆیە :

| جووتۆکە | فۆنیم |
|---|---|
| کەڵ : کەر | ڵ : ر |
| کەو : کەف | و : ف |
| کوڕ : کووڕ | و: وو |
| کژ : کز | ژ : ز |
| ژن : ژان | بزرۆکە: بزوێنی درێژ |
| ژیان : ڤیان | ژ : ڤ |

دەکرێت هەموو فۆنیمەکان لە هەر زمان و شێوەزارو گۆڤەرێکدا بێت، بەم ڕێگەیە دیاری بکەین. کە بنەمای سەرەکی بریتیە لە دروستکردنی جیاوازی واتایی.

فۆنیم کە دانەی ئاستی فۆنۆلۆژییە، هەرچەندە پێناسەی وردی کارێکی ئاسان نییە و لەزۆر ڕوانگەوە پێناسەی کراوە لەوانەش ڕوانگەی ئەرکی ، کەواتە جیاکردنەوە بنەما سەرەکی ئەم ڕوانگەیە پێیوایە: ((فۆنیم بچوکترین دانەیە، کە ئەرکی جیاکردنەوەی واتا دەگرێتە ئەستۆ.)) (محەمەد مەعروف فتاح٢٠١٠، ٣) بەڵام مەرج نییە لە هەمووبارێکدا وابێت، بۆنموونە (ڵ) ی زمانی ستاندەر لە شێوەزاری کۆیە دەگۆڕێت بە

(ل) یان (ر) ، کەچی ئەم گۆڕانە کار لە واتاکەی ناکات، بەڵکو تەنیا دەبێتە هۆی گۆڕانی فۆڕمەکەی وەکو (گوڵ ، گول ، گور ، ....) .
بەم جۆرە هەر زمانێك دیاردەی فۆنۆلۆژی تایبەتی خۆی هەیە، شێوەزاری کۆیە و زمانی ستادەریش چەند دیاردەیەکی فۆنۆلۆژییان هەیە، هەندێ لەو دیاردانە نەك هەر لە زمانی ستاندەر و شێوەزاری کۆیە هەبێت، بەڵکو لە شێوەزارەکانی تریشدا دەبینرێن. هەروەها لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێك یاسا هەیە، کە بەهۆیانەوە توانەوە و پەیدابوون و گۆڕین و وێکچواندن و جێگۆڕکێی دەنگەکان دەست نیشان دەکەن و پێیان دەگوترێت یاسا فۆنۆلۆژییەکان.

## 3.2 گۆڕانی دەنگ:

گۆڕانی دەنگ ((بریتیە لەوەی دەنگێك جێگەی دەنگێکی دی بگرێتەوە بێ ئەوەی کاربکاتە سەر گۆڕینی واتا)) . (دولبەر ئیبراهیم فەرەج ،2007 : 89) واتە دەنگێک دەبێت بە دەنگێکی تر، بێ ئەوەی واتا هیچ گۆڕانی بەسەردابێت. ئەمەش لە ڕوانگەی واتاییەوە بە هاوواتایی لە ئاستی فۆنیمەکان هەژماردەکرێت، چونکە فۆرم دەگۆڕێت بەڵام واتا ناگۆڕێت. (هەر کاتێک فۆنیمێک یان زیاتر بتوانێت لەبری یەکتری بەکاربێت، بێ ئەوەی واتا بگۆڕێت وشەکان دەبن بەهاوواتا لەو دەوروبەرەدا.)(شێروان حوسێن خۆشناو٢٠١١: ١٠٨) ئەمە لە نێو یەک زمان و زاردا، بەڵام هەندێ جار لەنێو شێوەزاری یەک زمانیشدا ئەم گۆڕینی دەنگە دەبینرێت.
کەواتە ئەم دیاردیە لە نێو دیالێکت و شێوەزارەکانی دیالێکتێکیش دەبینرێت، کە دەنگێک شوێنی دەنگێکی تر بگرێتەوە بێ ئەوەی ببێتە هۆی گۆڕانی واتا (دەنگی وشەیەك لەقسەی هەندێ کەسدا دەگۆڕێ بەدەنگێکی تر، لەقسەی خەڵکی تربێ ئەوەی ئەم گۆڕانە ببێتەهۆی گۆڕانی واتای وشەکە بە وشەیەکی تر،هەمان وشە لەدوو فۆڕم یان زیاتردا دەبینرێ بەهەمان واتا. بەکورتی ئەمە ئەو حاڵەتە دەگەیەنێ، کە لە وشەیەکدا دوو دەنگی جیاواز بەیەك دەگۆڕێتەوە و کارناکاتە سەر واتای وشەکە ... ئەم دیاردەیەش لەزمانی کوردیدا یەکجار بەربڵاوە). (دولبەر ئیبراهیم فەرەج ،2007 : 89) لە نێوان دیالێکت و شێوەزارەکانیش ئەم دیارە فۆنۆلۆژییە بەڕوونی بەچاودەکەوێت و زۆر وشەمان هەیە تەنها یەک فۆنیمیان گۆڕاوە.
ئەم گۆڕانە دەنگییە لەنێوان شێوەزاری کۆیە و زمانی ستاندەر زۆرە، لە هەندێ وشەفۆنیم لە زمانی ستاندەر دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی تر لە شێوەزاری کۆیە بێ ئەوەی واتای وشەکە بگۆڕێت ، بۆئەم مەبەستەش ئەم نمونانە دەهێنینەوە :

| **شێوەزاری کۆیە** | | **زمانی ستاندەر** | |
|---|---|---|---|
| پێراو | [ر] | پێڵاو | [ڵ] |
| گۆتی | [ۆ] | گوتی | [و] |
| درۆپە | [ر] | دڵۆپە | [ڵ] |
| مزگەفت | [ ف ] | مزگەوت | [و] |
| حەفت | [ف] | حەوت | [و] |
| پانتۆر | [ر] | پانتۆڵ | [ڵ] |
| ئەمە | [ه] | ئێمە | [ێ] |
| لۆ | [ل] | بۆ | [ب] |
| ڕۆن | [ۆ] | ڕوون | [وو] |
| مێوان | [ێ] | میوان | [ی] |
| برند | [ر] | بڵند | [ڵ] |
| کتاب | [ا] | کتێب | [ێ] |
| قورعان | [ع] | قورئان | [ئـ] |
| نەفت | [ف] | نەوت | [و] |
| مندار | [ر] | منداڵ | [ڵ] |
| سۆر | [ۆ] | سور | [و] |
| خورامکار | [ر] | خوڵامکار | [ڵ] |
| کۆرەوار | [ر] | کۆلەوار | [ل] |
| قۆرت | [ر] | قۆڵت | [ڵ] |
| خۆر[ر] | | خۆڵ | [ڵ] |
| تاران[ر] | | تاڵان | [ڵ] |
| گور[ر] | | گوڵ[ | ڵ] |
| شفتی[ف] | | شووتی | [وو] |
| در[ر] | | دڵ | [ڵ] |

لەم نموونانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە گۆڕانەکان لەنێوان دەنگە بزوێن و نەبزوێنەکاندا دەبینرێت. واتە بزوێن بە بزوێن دەگۆڕێت و نەبزوێنیش بۆ نەبزوێن. ئەو دەنگانەی دەگۆڕێن دەکەونە سەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی وشەوە. بەزۆری یەک دەنگ بە دەنگێکی تر دەگۆڕێت بەڵام هەندێ جار گۆڕانەکە لە نێوان دوو دەنگدا دەبێت.
هەندێکجاریش دەبینین دوو گۆڕانکاری لە وشەکە ڕوودەدات لە نێوان زمانی ستاندەر و شێوەزاری کۆیە وەک لەم خشتەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

| شێوەزاری کۆیە | زمانی ستاندەر |
|---|---|
| کۆر | کوێر |
| قۆر | قووڵ |
| خوون | خوێن |
| باغەر | باخەڵ |
| تکان | دووکان |

## 3.3 جێگۆڕکێی دەنگ :

جێگۆڕکێی دەنگ ((هەندێ جار لەنێوان دەنگە دراوسێکانی وشەیەکدا جێگۆڕکێ ڕوودەدات کە ئەمەش پێی دەگوترێت (هەڵگەڕانەوە) )). (دولبەر ئیبراهیم فەرەج ، 2007 : 106) دەشێت لەنێوان دیالێکت و گۆڤەرە جیاوازەکانی زمانێک ئەم دیاردەیە ڕووبدات و دوو وشەی جیاوازمان بداتێ. (ئەم دیاردەیە تەنها گۆڕینی شوێنی فۆنیمێکە بە شوێنی فۆنیمێکی تر. هەندێ جار ئەم شوێن گۆڕینە لە نێوان دوو شێوەزاری جیاوازدا ڕوودەدات.) (دەرون عەبدولرەحمان صالح٢٠١٢: ٧٨-٧٩) لە هەندێ وشەدا جێگۆڕکێ لە نێوان دەنگەکاندا ڕوودەدات، کە ئەمەش کارناکاتەسەر واتاکەی، بەڵکو تەنیا ڕاهاتنی ئاخێورانە بەم جۆرە دەربڕینە. جا بەهۆی هەڵە وەرگرتنەوە بێت یان بۆ ئاسانی دەربڕین. ئەوەی کە پێوەری سەرەکییە دەبێت ئەو وشانە هەمان واتایان هەبێت، بەهەمان ژماری فۆنیم، بەڵام بە سەرەوڕیزبوونی جیاوازی دەنگەکان. هەروەکو لەم نمونانەی خوارەوەدا بەرچاودەکەوێت. لە نێوان ئەم دوو زمانە هەندێ وشە بەدی دەکرێن، کە جێگۆڕکێ لەنێوان دەنگەکاندا ڕوودەدەن، وەکو ئەم نمونانەی خوارەوە:

| **شێوەزاری کۆیە** | **زمانی ستاندەر** |
|---|---|
| تەزرە | تەرزە |
| جەرگ | جگەر |
| تەماشاکە، بنۆڕە | بڕوانە |
| قۆچپە | قۆپچە |
| ئێگجار | ئێجگار |

لەم نموونانەی سەرەوەدا، دەردەکەوێت کە ئەم دیاردەیە لە نێو گۆڤەری کۆیە بەبەراورد لەگەڵ زمانی ستاندەر هەیە. دەشێ لە هەندێ باردا دیاردەی فۆنۆلۆژی تریشی لەگەڵدا بێت.

## 3.4 وێکچوونی دەنگ :

هەرچەندە ئەم دیاردەیە لە گۆڕانی دەنگ نزیکە، بەڵام وێکچوونی دەنگ بەوە پێناسەدەکرێت، کە ((بریتیەلە کاریگەریی دەنگە دراوسێکان لە وشە و ڕستەدا ، بۆ ویست و ئارەزووی هاودەنگی و وتن و یەکخستنی خەسڵەت و تا دەگاتە بەرجەستەکردنی دەنگ، یاخود کەمکردنەوەیی و هەروەها ئاسان کردن و سفت بوونی توانستی ئاخێوەر)). (دولبەر ئیبراهیم فەرەج ، 2007 : 52). ئەو دەنگانە بەهۆی کاریگەری دەنگە دراوسێکان ڕوودەدات،واتە گۆڕانی دەنگەکان زیاتر لە نێوان ئەو دەنگانەدا ڕوودەدات کە سازگەیان لێک نزیکە و زۆرجار تێکەڵ دەبن. بەڵام لەم تێکەڵبوونەدا جیاوازی واتایی دروست ناکات.

بە واتایەکی تر وێکچوون ((بریتیە لە گۆڕانی دەنگێك، بۆئەوەی لە دەنگێکی دراوسێی بچێت، مەبەست لە وێکچوون ئاسانکردنی درکاندنە و هەروەها هۆی ڕوودانی ئەم دیاردەیە بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەندامانی دوان و ڕێکخستن و گونجانی جووڵانەوەی ماسولکەکان لە کاتی درکاندنی دەنگەکاندا، ئەم کارەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی گونجان لەناو دەنگە دراوسێکاندا، کە بە چەند یاسایەکی فۆنۆلۆژی دەستنیشان دەکرێن و لێک دەدرێنەوە.)) (تاڵیب حوسێن عەلی١٩٨٩: ٥٥). ئەم دیاردەیەش دەشێت لەناو یەک زمان و دیالێکت یان گۆڤەردا ڕوو بدات. بەڵام دەبێت لەنێوان دوو گۆڤەری یەک زمانیشدا ئەم دیاردەیە ببینرێت، وەک سیمایەکی گۆڤەرەکە تەماشابکرێت.

ئەم وێکچواندنی دەنگەش بەهۆی کاریگەری دەنگی پێشەوە بۆ دواوە یان بەپێچەوانەوە ، ئەو دەنگەی زیاتر دەردەکەوێ کاریگەری دەخاتەسەر دەنگەکەی دوای خۆی و هەندێك لەسیفاتی خۆی پێدەبەخشێ، واتە زۆرجار دەنگ هەیە گڕە کاریگەری لەسەر دەنگی دراوسێی دەبێت و دەیکات بە دەنگێکی گڕ و پێچەوانەکەشی ڕاستە ، واتە هەندێکجار دەنگی کپ کاریگەری لەسەر دەنگی دراوسێی دەبێت و وەکو خۆی دەیکات بە دەنگی کپ، کە لەم نمونانە بەرچاودەکەوێ و لە نێو گۆڤەری کۆیەشدا هەست بە بوونیان دەکرێت:

| شێوەزاری کۆیە | زمانی ستاندەر |
| --- | --- |
| بەژدار | بەشدار |
| پژدەر | پشدەر |
| گەزتن(قەپار) | گەستن |
| برتتان | بردتان |
| کرتتان | کردتان |
| دەزگرە | دەسگر |
| هاوێزتن | هاوێشتن |

## 3.5 تێچوونی دەنگ:

ئەم دیاردەیە هۆکاری سەرەکی ئابوریکردنە لەزماندا بەوەی کە (کاتێک دوو فۆنیمی لێکچوو لە وشەیەکدا یان لە دوو وشەدا دێن، یەکێکیان تێدەچێت، ئەمەش بۆ لە دەستدانی کەمترین وزە و خۆپاراستن لە ماندووکردنی ئەندامەکانی ئاخاوتنە.) (دەرون عبدالرحمن صالح٢٠١٢: ٧٠) بە واتایەکی تر تێچوونی دەنگ بریتیە لەناوچوونی دەنگێك یان زیاتر لە دەنگێک بەمەبەستی ئاسان کردنی دەربڕین ، ئەم دیاردەیەش لەهەموو شوێنێکی وشەدا ڕوودەدات بەتایبەتی لەناوەڕاست و کۆتایی وشەدا زیاتر دەبینرێت.

زۆرجار بە سوانی دەنگیش دەناسرێت، کە دەنگێك یان زیاتر لە مۆرفیمێکدا ئەمە مەبەست ئاسانکردنی دەربڕینە، ئەم جۆرە گۆڕانەش بەسەر وشە یان مۆرفیمەکان دێت لەئەنجامی هەڵکەوت و دەرکەوتنیان لە سنووری جیاوازدا دێتە کایەوە ، لە هەندێ حاڵەتدا ، شێوە قاڵبی جیاواز وەردەگرن بێ ئەوەی ئەرك و واتایان کەم بێتەوە، ئەم کورتکردنەوە و سوانە تا ئەو شوێنە ڕێگەپێدراوە، کە جیاوازی واتای دروست نەکات و نەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەکان.

ئەم تێچوونی دەنگە پێچەوانەی یاسای پەیدابوونی دەنگە. دەشێ وشەیەکی شێوەزارێک یان گۆڤەرێک، فۆنیمێک یان زیاتری بە بەراورد بە زمانی ستاندەر تێچووبێت، بەڵام هەمان واتای وشەکەی هەیە. کە لێرەدا هەندێ دەنگ لە زمانی ستاندەر هەیە، بەڵام لە شێوەزاری کۆیە تێچووە . وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە :

| شێوەزاری کۆیە | زمانی ستاندەر |
| --- | --- |
| هەنگین[دەنگی(و) تێچووە] | هەنگوین |
| چار[دەنگی(و) تێچووە] | چوار |
| داک[دەنگی(ی) تێچووە] | دایک |
| سە[دەنگی(گ) تێچووە] | سەگ |
| ناتانم[دەنگی(و)تێچووە] | ناتوانم |
| مەینە[دەنگی(هـ،ێ)تێچوونە] | مەهێنە |
| چووبام[دەنگی(ب)تێچووە] | بچووبام |
| نێژ[دەنگی(و)تێچووە] | نوێژ |
| خێ[دەنگی(و)تێچووە] | خوێ |
| گێ[دەنگی(و)تێچووە] | گوێ |

## 3.6 پەیدابوونی دەنگ :

پەیدابوونی دەنگ یان هاتنەناوەوەی دەنگ، یەکێکە لەو دیاردە فۆنۆلۆژییانەی کە لە زۆربەی زمانەکاندا هەستی پێدەکرێت، بەجۆرێک (کە دەنگەکانی زمان دەکەونە پاڵ یەك بۆ دارشتنی دانەی گەورەتر (بڕگە، وشە، ڕستە)، کارلێك دەکەن . لە ئەنجامی ئەم کارلێك کردنە دەنگەکە دەگۆڕێ ....هەیە پەیدا دەبێ ... هەیە دەقرتێ و دەتوێتەوە). (وریا عومەرئەمین، 2004 :20 ). لە کاتی هاتنە ناوەوی دەنگ پێویستە هیچ گۆڕانێکی واتایی ڕوونەدات. وشەکە بەهەمان واتا دەمێنێتەوە. چونکە (جاری وادەبێت گونجان و پەیدابوونی دەنگ یان لەناوچوونی دەنگەکان دەبنە هۆی گێرە شێوانی واتا) . (عاتف عبدالله فرهادی ٢٠٠٤: ٣٢)

زیادکردنی نەبزوێن پەیداکردنی جیاوازی یە لە نێوان دەنگەکاندا، بەپێچەوانەی کەوتنە، واتە فۆنیمێکی نەبزوێن زیاد دەبێت بۆئەوەی وشەکە یان دەستەواژەکە بەئاسانی و بەبێ هەڵە دەرببرێت ، یان بۆپاراستنی فۆنیمەکان لە سوان و کەوتنی و دوورکەوتنەوە لە لێڵی لە ڕووی واتاوە و دروست بوونی وشەی هاودەنگ . وەك ئەم نمونانەی خوارەوە :

| شێوەزاری کۆیە | زمانی ستاندەر |
| --- | --- |
| ئەتو | تۆ |
| ئەنگۆ | ئێوە |
| ئەمن | من |
| گازندە(گلەیی) | گازاندە |
| کەنگێن | کەی |
| لەکوێ | لە کێندەر |
| تەرۆزی | ترۆزی |

### 4. ئەنجـام

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەرکەوت کە :

1. گۆڤەری کۆیە ناوچەیەکە سیمای جۆراوجۆریی زمانی تێدایە، لە نێو زمانی کوردیدا. کە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی خۆیەتی لە ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و تەنانەت واتایشەوە. کە ئەمەش سیمای گۆڤەرەکە پیشان دەدات. ئەمە سەرەڕای ئەو هاوبەشییەی کە لەگەڵ گۆڤەرەکانی تری هەمان دیالێکت و زمانی کوردیشدا هەیەتی.
2. لە نێو نەخشەی زمانی کوردیدا، بەپێی هەموو ئەو پۆلێنانەی کە کراون، ئەم گۆڤەرە سەر بە شێوەزاری سۆرانییە، لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، کە هاوسنوورە لەگەڵ گۆڤەرەکانی خۆشناوەتی و بابانی و گەرمیانی و هەولێری. ئەمەش وای کردووە کە هەریەک لەم گۆڤەرانە کاریگەرییان لەسەر هەبێت.
3. گۆڤەری کۆیە، لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە، هاوبەشی زۆری لەگەڵ زمانی ستاندەر هەیە، بەڵام هەندێ جیاوازیشیان تێدا بەدی دەکرێت. لە ڕووی ژمارەی فۆنیمەکانەوە جیاوازی نییە، بەڵام لە ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێ فۆنیم جیاوازییەکی بەرچاو دەبینرێت، بۆ نموونە بەکارهێنانی زۆری فۆنیمی (ر) و کەمی بەکارهێنانی فۆنیمی (ڵ).
4. دیاردە فۆنۆلۆژییەکان لە هەموو زمانێکدا هەن، لە گۆڤەری کۆیەشدا هەریەک لەو دیاردانە بەهەمان شێوە هەیە. زۆرجار ئەو جیاوازییەی، کە لەم گۆڤەرەدا دەبینرێت، بەهۆی دروستبوونی یەکێک لەم دیاردە فۆنۆلۆژییانەوە پەیدادەبێت و ئەمەش دەبێتە سیمایەکی جیاکەرەوەی ئەم گۆڤەرە.
5. گۆڕانی دەنگ لە گۆڤەری کۆیەدا دیارترین دیاردەی فۆنۆلۆژییە، بەجۆرێک زۆرترین جیاوازی لە نێوان زمانی ستاندەر و ئەم گۆڤەرە لەم ڕوانگەوە دەبینرێت. بەدوای ئەودا دیاردەی پەیدابوون و هاتنەوەی دەنگ لە پلەی دووەمدا دێت، کە زۆر نموونەی زمانی ستاندەر لە گۆڤەری کۆیە بە هاتنەناوەی دەنگ دەناسرێنەوە.
6. زۆرێک لە دیاردەکانی وەکو جێگۆڕکێی دەنگ و وێکچوونی دەنگی و تێچوونی دەنگ بە دیاردەی هاوبەشی نێوان گۆڤەرەکانی ئەم دیالێکتە دادەنرێن، بۆیەش زۆربەی نموونەکان هاوبەشن.

### 5. سەرچاوەکان


بەکر عومەر علی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٧) زارو شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چواچرا، سلێمانی .

تارا عبداللە سعید(١٩٩٨) هەندێ لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەڵاحەدین

تالیب حوسێن عەلی(١٩٨٩) فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسان بوونی فۆنیمەکان لەزاری سلێمانی دا، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین .

دولبەر ئیبراهیم فەرەج شالی(٢٠٠٧ ) یاسادەنگیەکانی زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

دەروون عبدالرحمن سالح (٢٠١٢) ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر .

سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو(٢٠١٠) زمانەوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،

شێروان حوسێن خۆشناو(٢٠١١) تێروانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لە زمانی کوردیدا، بەڕێوبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی .

شەرەفخانی بدلیسی (٢٠١٠) شەرەفنامە، مێژووی ماڵە میرانی کوردستان، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، چاپی شەشەم، پەخشانگای پائیز، تهران.

عاتف عبداللە فەرهادی(٢٠٠٤) شێوەزاری هەولێر و هەندێ دیاردەی فۆنۆلۆژی، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە (88)، هەولێر .

عبدالواحید مشیر دزەیی(٢٠١١ ) زارە کوردییەکان،چاپی یەکەم، چاپخانەی پاك ، هەولێر ،.

فوئاد مەحە خورشید،(٢٠٠٨) زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

مەحەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر .

مەحەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١١) زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر .

نەریمان خۆشناو(٢٠١٤)،دەنگسازی،چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی/هەولێر .

وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی زمانەوانی (بەرگی یەکەم) ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.

یوسف شەریف سەعید (٢٠١١) زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

اردیان اکمجیان، ریچارد ای. دمرز، ان ک. فامر، رابرت ام. هارنیش (١٣٨٢) زبانشناسی در آمدی بر زبان و ارتباط، مترجم علی بهرامی، رهنما، تهران.

جورج یول (١٣٨٨)، نگاهی به زبان (یک بررسی زبان شناختی)، ترجمه: نسرین حیدری، چاپ هشتم، سمت، تهران.

مشیل مالرب (١٣٨٦) زبانهای مردم جهان، ترجمه عفت ملا نضر، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.

ویلیام اوگردی، مایکل دابروولسکی، مارک ارنف (١٣٨٦) در آمدی بر زبان شناسی معاصر، ترجمه: دکتر علی درزی، سمت، تهران.